
# ژنێک لە شعردا ئەمخوێننتەوە

**هەندرێن حەمەدەمین**
Handren88@hotmail.com



**بۆنێک ئەمبات**
**لە خەوێکی ئاڵۆزدا**
**کە پڕیەتی لە بوونەوەری جوان جوان**
**ژیکەلە**
**ژیرتر لە مرۆڤ**
**ناسکتر لە شەرمەکانی مانگ**



**ئەمبات**
**بە کۆڵانەکانی شارێکی خەوتوودا**
**ئەمگەینێت بە دەڤەری خەونەکانی منداڵێکی پیر**
**پیرتر لە ووشەکانی تابلۆ قوڕیەکان**
**پیرێک کە مێیەتی و نێریەتی خۆی لە هیچ ئاوێنەیەک نادۆزێتەوە**



**نامبات**
**توڕە ئەبێت و جێم ئەهێڵێت**
**لەناو جێگایەکی پڕ لە ژن و پیاوی رووت**
**لە بەرانبەر شانۆی ئەو گەلاّیانەی وەرزەکانی ساڵ ئەخوێنەوە**
**بەیانیەک**
**نوکی دارکونکەرێک لەسەر چۆکی چەپم هێمنانە هەڵیستاندم**
**کە سەیرم کرد**

چووتێک مەمک لە نێو لەپەکانم سەرخۆشانە چووبوونە خەو



ئەمەم بۆ ژنێکی دراوسێم گێڕایەوە
ووتی
دوێنێ شەو مەمکەکانم سەرخۆشانە لە ماڵ دەرچوون
کە بەیانی لەناو جێگا خۆم ئەگەوزاند
مووی هەڵوەریوی سینگی پیاوێک ختوکەی بە گیانمدا ئەهێنا
ئەو پێکەنی و من گریام
کە پشتمان لە یەکتر کرد
گڵۆپە سوورەکەی بەرانبەرم
گریانەکانی ئەوی ئەکردە ناو ئەو جاجیکەی کە لەدوای بوتڵێک ئۆزۆ تامم نەکرد
تامی سوێری ناو گیانی ژن
لە ماچە شیرنەکانی لێوی مەحبوبەکەی نالی
خێراتر لە ناو خوێندا ئەتوێتەوە



ژنێکی شاعیر
لەترسی مێردەکەی نەیئەوێرا باس لە تامی تەڕی زمان بکات
بە ناوێکی نهێنی بۆی نووسی بووم
زمانی لوسی شعرەکانت نامخەزێنتە ناو بانیۆی پڕ لە کەفی حەزەکانت
لێستنەوەت جەستەم لوستر و لوستر ئەکات
وەک لوسایی ژێر پێی ئەو ژنەی بێ ویستی خۆی هەڵخلیسکا
هەڵمخلیسکێنە
با بتوانم وەکو هەموو ژنەکانی ماڵت
شعرێک بۆ ئێوارەکانی خۆم بهۆنمەوە
هیچ ژنێکی لوسکە نیە لە ماڵی تۆ بە رووتیەتی سەما و سەیرانێکی نەکردبێ



من گومان لە خوشکەکەم ئەکەم
گومان لە دەستەخوشکەکانم ئەکەم
گومان لە هەموو ئەو ژنانە ئەکەم کە لە ساونە ئەیانبینم
جێی زمانی تۆ لە جەستەیاندا هاوار ئەکات
شەوێک لە باوەشی مێردەکەم بووم
لێوەکانت لە کونی دەرگا هاتنە ژوورێ
هێمن هێمن زۆر بە لوسی خۆیان خزاندە نێو رانەکانم
تا بەیانی لە مژینم ماندوو نەبوون
ژنەکەشت بۆ ماچێکت هەرچی ژووری ماڵەکەمان هەبوون ئەیپشکنی



لوسمکە
با وەک ماسی بتوانم لە نێو دەستی نەزانەکان خۆم دەرباز بکەم
ماچم بکە
لە زۆر ژنانم بیست
شوێنی ماچەکانت مووی لێناڕوێت
من بە ناوی نهێنیەوە بۆت ئەنووسم
تۆ لە خڕی مەمکەکانم ئەمناسیەوە
رۆژێکیان لە کەنارێک هەر هەموومان رووت بووینەوە
من وامزانی لەبەر رووتی ژنەکانا مێردەکەم ئاگای لە من نیە
کە چوومە پێش
تێگەیشتم کە ئەو بە رووتیەتی نامناستەوە



تۆش کە نێوانمان
دەریایەک شەرم و
چەنگەڵێک ترس و
چندین شاخی گوناە و
کێلگەیەکی بێ کۆتایی پڕ برینە
دەستم ئەگریت
بێ شەرمانە
بەبێ ترس
بە ماچ و مژین گونەهەکان ئەشۆریتەوە و
بە ئاخ و ئۆف برینەکان سارێژ ئەکەیت
من لە خەونەکانی تۆدا فێری ئەو مژینە بووم
ئەو مژینەی بڕیار وابوو دەستەخوشکێکم فلیمەکەیم بۆ بێنێت



چەند گونەە بووم
وامئەزانی ئاخ و ئۆف بانگکردنی جنۆکانە
لوسمکە
وەک ئەو ژنانەی لەسەر دەستی مێردەکانیان ئەخزێنە ناو باوەشی بەڕمۆدەیت

بەڕێکەوتن بەرەو نادیار
لە مەنگی گۆمەکانی جەستە مەلەکردنی تیا خۆشترە
با بتبات
برۆ لەگەڵ بۆنی ئەو ژن و پیاوانەی
بەڕووتیەتی لەسەر جێگای خەوتنتدا
هلور بلورانێ ئەکەن
بەڕووتیەتی لە پەنجەرە جگەرەیەک داگیرسێنە
با سمۆرەی دارگوێزەکەی بەرانبەرت
وەکو جاران سەما بکات
تا یەک یەک گوێزەکانی ئەکەونە خوارەوە
بۆ مەزەی ئەو سەرخۆشەی گۆرانی بۆ خەوبینینی چۆلەکەکان ئەڵێت

برۆ برۆ
با ئەو بۆنە بتبات
چیتر لێرە تەمەنی خۆت لە باوەشی ئەو ژنانە مەدۆڕێنە
وەک ئەو ژنەی باوەشی خۆی لە تەمەنی پیاوەکاندا دۆڕاند
بوەستە
من ئەزانم بۆنی ژنێکی ئەکتەر شێتی کردوویت
ئەو لە کچە جیرانەکەتان ئەکات
کە لە پەنجەرەدا مەمکت ئەگرت
تۆ وات لێیکرد کە دەستەمۆی براکەی بێت
بۆ ئەترسیت
بۆن و رەنگی دەسبازیەکان
لە دیمەنی پەنجەرەوە بگوێزەوە دیمەنانی رۆمانێکت



بیانکە بە دوو تفتیلک
خۆ لە یاسای سەر داری قازمانەکان
خوشک و برا بەیەک ئەشێن

٢٠ی ٢ی ٢٠٠٧